سوبحی خەزعلی دەرهێنەری عێراقی کۆچی دوایی کرد

سەندیکای هونەرمەندانی عێراق ئەمە ڕایگەیاند، سوبحی خەزعەلی کە یەك لە دەرهێنەرە ناودارەکانی عێراقە، ئەمە بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

سەندیکای هونەرمەندانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا سەرەخۆشی لە تەواوی هونەرمەندانی عێراق دەکات بەبێنەی کۆچی دوایی هونەرمەند سوبحی خەزعەلی.

سوبحی خەزعەلی لە ساڵی 1943 لە شارکەی قەلعە ساحی سەربە پارزگای میسان لە باشووری عێراق لە دایك بووە، ئەمە لە تەمەنی 80 ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

خەزعەلی دەرهێنەرکی دیاری تەلەڤزیۆنی و شانۆیی بووە، جیا لەوەی مامۆستا بوووە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و هاوکات سەرکی بەشی شانۆی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بوو.

ئەوە دەرهێنەرە لە کارە هونەرییەکانیدا، خاوەنی دەرهێنانی 22 شانۆگەری بووە، جیالەوەی چوار زنجیرە دراما بە تەلەڤزیۆنی عێراق دەرهێناوە. بێیە بە یەکێك لە پێشەنگە دیارەکانی شانۆی عێراقی هەژمار دەکرێت.